## کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی Social Control :

مرۆڤ بە سروشتی خۆی بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێت بە تەنها بژی؛ ئەم پێکەوە ژیانەش پێویستی بە ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنە؛ بەو ئامانجەش دەبێت کۆنترۆڵی تاکەکانی کۆمەڵگە بکرێت.

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بریتییە لە درێژە پێدانی سیستەم و ئارامی لە کۆمەڵگەدا لە میانەی ئامرازگەلێکی جۆراوجۆرەوە وەکو (سزادان، ڕەخنە لێگرتن، هاندان، پاداشت،...) بە ئامانجی ئەوەی تاك و گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمەڵگەدا هەماهەنگ و تەبا بن.

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك پرۆسەی کۆمەڵایەتییە وادەکات تاك بەرپرسبێت بەرامبەر بە کۆمەڵگە و لەڕێگەیەوە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و کەسیەتی مرۆڤ بنیات دەنرێت؛ ئەمەش ڕەفتار و شێوەی پەیوەندی مرۆڤەکان دیاری دەکات.

کۆنترۆڵکردن جۆرێکە لە پەروەردەی ئەقڵانی تاکو کۆمەڵگە بە ئامانجەکانی بگات، تاکەکان ئاراستە دەکات بەکردن یان نەکردنی هەندێك ڕەفتار لە ژیانیاندا.

**باسکردنی سروشتی مرۆڤ و لێکدانەوەی ڕەفتارەکانی؛ جێگای لێکدانەوە و تێڕامانی فەیلەسوفان بووە.**

**ئەفلاتون** لە کتێبەکەیدا بەناوی**(کۆمار)** بەوردی باسی چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی هاوڵاتیانی کۆمارەکەی دەکات، بەلای ئەفلاتونەوە **خۆجڵەوکردن و بەسەرخۆدا زاڵبون** یەکێکە لە **فەزیلەتەکان** چونکە پێی وابوو لە کەسایەتی هەرتاکێکدا توخمێکی **باشتر** و توخمێکی **خراپتر** هەیە، هەرتاکێك توخمە باشەکەی کۆنترۆڵی توخمە خراپەکەی کرد وەکو ستایشکردن پێی دەڵێت: ئەو مرۆڤە بەسەر خۆیدا زاڵە، کە دەبێت ئەمە سیفەت و خەسڵەتی مرۆڤەکان بێت.

**ئەرستۆ** دەڵێت بوێرترین کەس ئەو کەسەیە بەسەر ئارەزووەکانی زاڵ دەبێت نەك دوژمنەکانی.

**ئیبن سینا** پێی وایە ئامانج و ئەرکی سەرەکی مرۆڤ لە بوندا **گەیشتنە بە لوتکەی چاکە و خۆپارێزییە لە خراپە و ناپاکی،** بۆ گەیشتن بەو ئامانجە مرۆڤ یان دەبێت **ڕێگای خواپەرستی و گۆشەگیری و تەرکی دنیا بگرێت،** یان ڕێگای **زانایان بگرێت و خۆی بۆ بەدەستهێنانی زانست و مەعریفە تەرخان بکات.**

**ئیبن خەلدون** پێی وایە مرۆڤ **بە سروشتی خۆی دڕەندەیە** بەڵام بە **پێگەیاندن دەبێتە مەدەنی،** هەرچەندێك خۆی بەباش پیشان بدات بەڵام لەناخی خۆیدا دڕندەیە.

مرۆڤ لەیەك کاتدا لەناو **دوو ململانێدا دەژی** لەلایەك لەگەڵ **گروپە مرۆییەکاندا** لەلایەکی تریش **لەگەڵ سروشتدا،** بۆیە پێویستی **بەدەسەڵاتێك هەیە تا کۆنترۆڵی بکات** و نەهێڵێت دیوە شاراوە و خراپەکەی پیشان بدات ئەگینا مرۆڤەکان ناتوانن پێکەوە بژین و ژیانێکی ئارام و بێ ترسیان هەبێت.

**ماکیافیللی** دەڵێت: ئەگەر دەوڵەت ڕەفتاری تاکەکان کۆنترۆڵ نەکات ئەوکات ویستی خاوەندارایەتی و هەبونی سامان هەموان بەرەو شەڕانگێزی دەبات.

بۆیە دەبێت **هێزێکی جێگیر و تۆکمە هەبێت** ئەو ویستە شەڕانگێزییە لەناو ببات، پێویستی هەبونی **فەرمانڕەوا** لەوەدایە ژیانی کۆمەڵایەتی ئارام دابین بکات ئەگەر نەیتوانی ئارامی دابین بکات دەبێت ئەو فەرمانڕەوایە لەناو ببرێت؛ چونکە بەئەرکی خۆی هەڵنەستاوە.

**تۆماس هۆبز** پێی وایە؛ مرۆڤ بە غەریزە حەزی مانەوە و خۆویستی تێدایە، هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو شتانە دەدات کە ئارامی دەکەنەوە و هێز بەکار دەهێنێت بۆ پاراستنی ئەو شتانەی کە هەیەتی.

هۆبز پێی وایە؛ لە هەناوی مرۆڤدا سێ هۆکار بۆ کێشە و ئاژاوە بوونی هەیە، یەکەم **کێبەرکێیە** کە بۆ بەدەستهێنانی قازانجە، دووەم **ترسە** کە بۆ بەدەستهێنانی ئارامییە، سێیەم **خواستی بەدەست کەوتنی شانازی و ناوبانگە.**

**گروپی یەکەم** (قازانج خوازان) لە هێز و توندوتیژی کەڵك وەردەگرن بۆ ئەوەی بەسەر خەڵکدا زاڵ بن. **گروپی دووەم** زیاتر پارێزەری دەسکەوتەکانیانن. **گروپی سێهەم** بۆ شتی بێ بایەخ؛ هێرش و دەستدرێژی دەکەنە سەر خەڵك و ئەوپەڕی توندوتیژی دەنوێنن.

بە بڕوای هۆبز مرۆڤ لە زێدەخوازی تێر نابێت، ئەرکی ڕێکخراو و بونیادە حکومییەکان ئەوەیە کە بەرژەوەندی و قازانجی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا بەو چەشنەی کە پێیان دروستە بپارێزن و دابین بکەن.

**تایبەتمەندییەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی**

١- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر تاك دروست دەکات و لە چەندین ئاست و ناوەندەوە هەندێکجار ئەو کۆنترۆڵکردنە لەلایەن تەواوی کۆمەڵگەوەیە و هەندێکجاریش لەلایەن گروپێك یان چەند گروپێکی کۆمەڵگەوە ئاڕاستەی تاك دەکرێت.

٢- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی جیهانییە و لە هەرشوێنێك کۆمەڵگا هەبێت کۆنترۆڵکردنی تاك هەیە، بێ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤایەتی دەبێتە نامەدەنی و دەرفەتی ژیانی تێدا نابێت.

٣- مێژووی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بە ئەندازەی مێژووی کۆمەڵگە کۆنە.

٤- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەشێکە لە بەکۆمەڵایەتیکردن و ئەم پرۆسە لە هیچ سەردەمێك و وڵات و شارستانیەك ناوەستێت و بەردەوام دەبێت لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتی، تاك لە تەمەنی منداڵییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت هەتا کاتی مردن لەگەڵی بەردەوام دەبێت، ئەم کۆنترۆڵکردنە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن؛ بڕ و جۆر و ئەندازەی لەسەر تاك دەگۆڕێت.

٥- کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتییە و تاك پابەند دەکرێت بە جێبەجێ کردنی، ئامانج لێی بەدیهێنانی ئارامی و تەباییە لە ناو کۆمەڵگەدا.

٦- کۆمەڵگە بێ هیوا نابێت لە دوبارەکردنەوە و جەختلێکردنەوە لە تاکەکان بەوەی چەند کارێك بکەن و چەند کارێکی دیکە نەکەن.

٧- لەگەڵ هەموو کۆنترۆڵێکدا سزا هەیە، واتە ئەگەر سزا نەبێت کۆنترۆڵیش نە مانای دەبێت نە هێز، هەمیشە تاك پاداشت و سزا دەدرێت لە کردن و نەکردنی کارەکان.

٨- کۆنترۆڵی ڕەفتار، تەنها تایبەت نییە بە مرۆڤەکان، بەڵکو لەناو ئاژەڵەکانیش بەدی دەکرێت، بۆنمونە مێش هەنگەکان چەندین یاسا و ڕێسایان هەیە بۆ ڕێکخستنی شوێنەی تێیدا دەژین.

**سێیەم: جۆرەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی :**

### أ. كۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نافەرمی:

کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی نافەرمی هێزێکی زۆری هەیە لە پەروەردە و پێگەیاندنی تاکدا؛ ئەم کۆنترۆڵەش لە چەند ناوەندێکەوە ئاڕاستەی تاك دەكرێت كە بریتین لە:

**١- خێزان :**

**خێزان** یەکەم قوتابخانە و ناوەندی پێگەیاندن و کۆنترۆڵکردنی تاکە، خێزان ئەندامەکانی فێری ڕەفتار و گونجان دەکات.

ئێمە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە خێزانەکەمان کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی کردوین و ڕێگەی نەداوین هەموو کار و ڕەفتارێك بکەین.

بە ئەندازەیەك هیچ کاتێک ئەم ڕۆڵە لەدەست نادات و سنور بۆ ڕەفتاری ئەندامەکانیان دیاری دەکەن؛ ئەگەر ئەم کۆنترۆڵ کردنە نەبوو لەلایەن خێزانەوە؛ ئەگەری زۆری هەیە تاکەکان توشی کێشە و لادان بێت.

**٢- ئاین:**

ئاینەکان ڕۆڵێکی مەزنیان هەیە لە پەروەردەکردن و کۆنترۆڵکردنی تاکەکان، بەراددەیەک لە هەر کۆمەڵگایەک ئاین نەچەپێندرابێت، کاریگەری ئایین بە پلەی یەکەم دێت لە بەرامبەر هەموو دەمەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی کۆمەڵگا لەسەر تاکەکان.

هیچ ئاینێك نییە کۆمەڵێك کاری قەدەغە نەکردبێت و ڕێزی بۆ کۆمەڵێك کاری دیکە دانەنابێت.

ئاینەکان هەمیشە چاودێری ڕەفتاری تاکەکان دەکات و سزایان هەیە بۆ تاکە لادەرەکان، بە دواڕۆژێکی خراپ و جەهەندەم تاکەکان کۆنترۆڵ دەکەن.

**بۆ نمونە** (لادانی سێکسی، دزی، کوشتن، بوختان،...) لە زۆربەی ئاینەکان بە گوناه و تاوان لەقەڵەم دەدرێت و ڕێگە لە ئەنجامدانی گیراوە.

بۆیە لە کۆمەڵگەکاندا کەلتور و نەریت بەجۆرێك تێکەڵی ئاین بووە کە ئاسان نییە لەیەکیان جیابکەینەوە.

**٣- کولتور:**

مرۆڤ بونەوەرێکە ئەندامە لە کۆمەڵگەیەکی دیاری کراو، ئەو کۆمەڵگەیەش خاوەن کەلتورێکی دیاری کراوە، ئەم مرۆڤەش لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بژی دەبێت پابەندی کەلتوری ئەو کۆمەڵگەیە بێت و ڕەفتارەکانی بەگوێرەی داواکارییەکانی کەلتوری کۆمەڵگەکە بێت.

بۆیە کەلتور هەژمونی تەواوی لەسەر ڕەفتار و ئاکاری تاك هەیە و لە قاڵبی دەدات.

**٤- ئایدۆلۆژیا:**

قوتابخانە ئایدۆلۆژییەکان بە قوڵی دەتوانن شوێنکەوتەی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و کاریگەری لەسەر ئەندامەکانیان دابنێت.

تاك بە ئەندازەی هۆگربونی بۆ ئایدۆلۆژیاکەی خۆی کۆنترۆڵ دەکات؛ ئایدۆلۆژیا دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی کۆمەڵێك هاوبیر و وایان لێدەکات خەبات بکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

کەواتە ئایدۆلۆژیا یەکێکە لە ناوەندە هەرە بەهێزەکانی کۆنترۆڵکردنی تاکەکان و ئاڕاستەکردنی ڕەفتاریان.

**٥- ڕای گشتی:**

ئەو کۆمەڵە تێڕوانین و باسانەیە کە لەناو خەڵک بڵاوە و ڕاستیشی نەسەلمێنراوە. ئەو ڕا و سەرنج و هەڵوێستانەیە کە گوزارشت دەکرێ یان دەردەبرێت لە لایەن خەڵکییەوە؛ واتە زیاتر بابەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە نەک زانستی و فەلسەفی و پسپۆڕی.

ڕای گشتیی بە ڕای وڵاتانی جیهانیش دەگوترێت لە بارەی کێشەیەک، ئەم ڕا گشتییە کاریگەری لەسەر تاك و ڕەفتارەکانی هەیە.

**٦- پروپاگەندە:**

بریتییە لەو بیروباوەڕ و گۆشەنیگاو هەڵوێستانەی کە ئارەزوو دەکرێت ئەوانیتر دوای بکەون، تازەترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنیش بە خەڵکەوە بەکاردەهێنێت.

بۆ نموونە، ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما و بڵاوکراوەکان.

**٧- ئەدەب و هونەر:**

ئەدەب و هونەر بەهەموو جۆرەکانیەوە کاریگەری قوڵ لەسەر سۆز و هەستی تاك بەجێ دەهێڵن و چیرۆك و دیمەنەکان هۆکارێکن بۆ پێگەیاندنی تاك.

تاك بەشێوەیەکی دراماتیکی ئاگادار دەکرێتەوە لە ئەنجامی هەندێك کار؛ بۆیە تاك وەك ئەزمونێك دەبێت بۆی و ناتوانێت زۆر ڕەفتار هەیە ئەنجامی بدات.

یان بەئامانجی ئەوەی ناوی لەناو چیرۆك و گۆرانییەکاندا بێت هەوڵی دروستکردنی کەسایەتییەکی نمونەیی دەدات یان خۆی وەك ئەو کەسایەتیانە لێدەکات کە ناودەبرێن.

**٨- چاوەڕوانی کۆمەڵایەتی و پێشنیازەکان :**

بەپێی تیۆری کارلێکی کۆمەڵایەتی کاتێك تاك هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنی(پۆزەتیڤ) لە کۆمەڵگەوە وەردەگرێت؛ واتە ئەو کۆمەڵگە ڕێزی بۆ ئەو تاکە داناوە.

لەپاش ئەوە؛ تاك هەوڵ دەدات ئەو ڕێز و شکۆیە بپارێزێت و خۆی لە زۆر کاری خراپ بەدوور دەگرێت.

بۆنمونە مامۆستا؛ ڕێز و پێگەی هەیە لە کۆمەڵگەدا؛ مامۆستاکە بۆ پاراستنی ئەو پێگەیە ناوێرێت هەندێك ڕەفتار هەیە بیکات لەبەرئەوەی دەترسێت و کۆمەڵگە چاوەڕوانی ئەو ڕەفتارەی لێنەکردووە.

**٩- ئابڕووی کۆمەڵایەتی :**

بەپێی تیۆرەکەی ماسلۆ تاك لە قۆناغی چوارەمی هەرەمی ژیاندا پێویستی بەوە هەیە ڕێزی لێبگیرێت و هەستی بریندار نەکرێت.

بۆیە بە هۆشیارییەوە ڕەفتار دەکات و نایەوێت شکۆ و ئابڕوی لەکەدار بێت، ئەمە وایلێدەکات کە بەئاگابێت لە ڕەفتارەکانی و کارێك نەکات ڕێزی خۆی لەدەست بدات لە ناو کۆمەڵگەدا.

بۆیە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگە تێدەکۆشن تاکو تاکەکان ئابڕوی خۆیان خۆشبوێت و لەدەستی نەدەن.

ئامانج لەمەش کۆنترۆڵکردنی تاك و کۆمەڵگەیە لە ڕەفتاری نەشیاو، ئابڕو بە بەهایەکی گەورە و جێگای ڕێز سەیرکراوە.

ئابڕو پێش لە حەزی تاك دەگرێت و ناهێڵێت ئاژەڵانە ڕەفتار بکات؛ بۆیە ئابڕو بە ئامرازێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و لە ئاینەکانیش کەسی خاوەن ئابڕو بە ڕێزدار و خاوەن ڕەوشت سەیر دەکرێت.

**١٠- تەنز و گاڵتەپێکرد:**

ئەمە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کۆنترۆڵی نافەرمی، کاتێك تاك کارێکی هەڵەدەکات یان توشی ئابڕوچون دەبێت ئەوا لەلایەن کۆمەڵگە و تاکەکانی نزیکیەوە توشی سوکایەتی پێکردن دەبێت.

بۆیەتاك هەمیشە لە تەنز و گاڵتەپێکردن دەترسێت.

**- کۆنترۆڵی فەرمی formal control :**

کۆنترۆڵی فەرمی چەندین تایبەتمەندی و میکانیزمی هەیە.

ئەم جۆرە کۆنترۆڵە لەلایەن گروپە دووەمینەکانەوە دەکرێت، کۆنترۆڵکاران خەڵکانی پسپۆڕن، دەسەڵاتیان هەیە تاك سزا بدەن.

یاساکان نوسراون و ئەگەر تاك تاوان و لادان بکات بەپێی ئەو یاسایانە دەستگیر و بەند دەکرێت.

بەگشتی ناوەندەکانیش بریتین لە:

**١- دەستور constitution:**

دەستور یاسای باڵای وڵاتە، شێوازی بەڕێوەبردن و دەوڵەت دیاری دەکات، ئەرك و مافەکانی هاوڵاتییان دیاری دەکات، پەیوەندی نێوان هاوڵاتییان و دەسەڵات ڕون دەکاتەوە.

هەریاسایەك پێچەوانەی دەستور بێت ڕەد دەکرێتەوە، چونکە دەستور دایکی هەموو یاساکانی وڵاتە و کاریگەری لەسەر شێوازی ژیان و کەلتوری کۆمەڵگە و ڕەفتاری تاکەکان هەیە.

دەستور هێڵە گشتییەکانی دەسەڵات و ڕەفتاری تاکەکان دیاری دەکات؛ تاکەکان و دەسەڵات و گروپەکان کۆنترۆڵ دەکات.

**٢- یاسا law :**

یاسا کەتەلۆگی ڕەفتاری تاکە.

هێزێکی ڕێکخراوە و کۆمەڵگە خاوەنیەتی؛ بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە داڕێژراوە.

ئامانج لێی ڕێکخستنی ژیانی هاوڵاتیانە.

تاکەکانی ناچارکردووە بەوەی خۆیان لە ئەنجامدانی هەندێك کار بەدوربگرن و هەندێك کاریش هەیە دەبێت ئەنجامی بدەن.

یاسا مەرجی مانەوەی مرۆڤایەتی و ئارامییە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا و بە نەمانی ژیان دەبێتە دارستان.

یاساکان چەندین لق و بەشیان هەیە و هەریەکەیان تایبەتن بەڕێکخستنی بوارێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە بۆیە ئامرازێکی گرنگی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی فەرمییە.

**٣- پۆلیس police :**

ئەم چەمکە لە politiaی لاتینییەوە وەرگیراوە ئەویش لە politeia یۆنانییەوە وەرگیراوە کە بەمانای (پارێزەری ڕەوشت) دێت.

پۆلیس دەسەڵاتیی جێبەجێکار و یاسایی کۆمەڵگەیە، بەپێی دەقە یاساییەکان و ڕەزامەندی دادگا مافی دەستگیرکردنی تاوانکارانی هەیە.

بۆیە پۆلیس یەکێکە لە ئامرازە فەرمییەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە.

**٤- دامەزراوە پەروەردەییەکان:**

پەروەردە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاوە، کاردەکات بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی سودبەخش و کارا، دەخوازێت تاك خۆی پێبگەیەنێت.

پەروەردە؛ دروستکردنی مرۆڤە لە ڕووی(دەرونێکی ئارام، کەسێك بایەخ بە تەندروستی خۆی بدات، بایەخ بە لایەنی رۆحی بدات، بایەخ بە کۆمەڵگەکەی بدات، وا لە تاك دەکات خاوەن ڕەوشتێکی جوان بێت و بتوانێت بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگە، هەست بکات بە ئەرك و مافەکانی، خواستی خزمەتکردنی هەبێت لە بوارە جیاوازەکانی ژیان، هەروەها پەروەردە لایەنی هزری و زانستیش دەگرێتەوە).

ئەم پرۆسەیەش لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێدەکات و تا دوا قۆناغەکانی خوێندن بەردەوام دەبێت.

**٥- ڕاگەیاندن communication:**

ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە ئامرازێکی بەکۆمەڵایەتیکردن و کۆنترۆڵکردنی تاکەکانە.

ڕاگەیاندن دەتوانێت لەڕێگای پێشکەش کردنی جۆرەها بەرنامە و دراما و فلم و زۆر ئامرازیترەوە تاکەکان ئاراستە بکات بەرەو ئەو ئامانجەی کە خۆی دەیەوێت.

بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زۆر جۆراوجۆر و پێشکەوتوو بوون؛ بەمەش رۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ئەندامانی کۆمەڵگا.

**٦- سەرکردایەتی Leadership:**

هیچ کۆمەڵێك بێ سەرکردە نییە و هیچ سەرکردەیەکیش بێ کۆمەڵ دروست نابێت؛ کەواتە سەرکردایەتی پێویستە بۆ کۆمەڵگە.

سەرکردە ئەرك و ماف و دەسەڵاتی هەیە؛ پێشەوای گەلە و ڕابەرایەتی کۆمەڵگە دەکات و کاریگەری لەسەر خەڵك و شێوازی ژیانیان هەیە.

سەرکردە دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و کۆنترۆڵکردنی تاك و ئاڕاستە کردنیان.

سەرکردە دەتوانێت زۆر ڕەفتار و ووردە کەلتور هەیە بیگۆڕێت؛ داهاتووی کۆمەڵگە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و وا لەخەڵکی بکات چاوی لێبکەن.

ژان ژاك ڕۆسۆ دەڵێت: سەرکردەی گەندەڵ کۆمەڵگەی گەندەڵ بەرهەم دەهێنێت؛ بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

بێگومان ڕۆڵ و کاریگەری سەرکردە بەپێی جۆری کۆمەڵگاکان دەگۆڕیت.